

# شیعر بێبەهایی ژیان کاڵ دەکاتەوەو وادەکات ژیان مانایەکی هەبێ

## شەمس لەنگەروودی

بۆ کوێستان

**ڤیستیڤاڵە ئەدەبی و رووناکبیرییەکان سەرەرای دەرخستنی ئەزموونی زۆرێك لە ئەدیبو رووناکبیران. لە هەمان کاتدا وێستگەیەکی گرنگیشە بۆ یەکتربینین و یەکترناسینی زۆر لەوانەی خەریکی نووسینن، کە رەنگبێ هەندێکیان بەشەوقەوە چاوەڕێی ئەوەبن لە رێکەوتێکا یەکتربینن و یەکتربناسن. بێگومان ئەمە خەون و مرازێکی هەریەکەمانە کە روو لەو شوێنانە دەکەین، یەك لەو هەلە گەورانەی لە دوایین ڤیستیڤاڵی گەلاوێژ رەخسا ئاشنایی بوو لەگەڵ شاعیری هاوچەرخی ئێران ( شەمس لەنگەروودی ) وئەو ئاشناییەش بوارێکی بۆ رەخساندین تا لە نزیکەوە بتوانین دیدارێکی بۆ گۆڤاری کوێستان لەگەڵدا سازبدەین، ئەم دیدارەمان سازدا و بەکامی دڵ گەیشتین،**

**سازدانی دیمانە: حەسەن مستەفا ــ جەلال هانیسی**

**وەرگێڕانی: زاگرۆس رێباز**

**چەردەیەکی ژیان و بەسەرهاتی منداڵی و چۆنیەتی هاتنە نێو دنیای شیعر، بۆ خوێنەران باس بکەیت؟**

من لە ٢٦ی ئابی ساڵی ١٣٢٩ کە دەکاتە ساڵی ١٩٥١ی زایینی لە لەنگەروود کە دەکەوێتە سەر دەریای خەزەر هاتوومەتە دنیا،. لەوێ خوێندم تا دیبلۆمی ماتماتیکم وەرگرت، دواتر لە باکوری ئێران لە رەشت درێژەم بە خوێندن دا تا قۆناغی بەکالۆریۆس و بڕوانامەی بەکالۆریۆسم لە ئابووریدا وەرگرت. لەنێو خانەوادەیەکی مەزهەبیدا گەورەبووم، بەڵام باوکم لەگەڵ ئەوەشدا کە ئایەتوڵا – مەلا – بوو، بەڵام بەرامبەر بە ئێمە لەرووی جۆری بیرکردنەوەو بۆچوونمان کابرایەکی سەختگیر نەبوو. جگە لەوەش ئێمە بەجۆرێك لەویستو بژاردەی تایبەت بە خۆمان گەورەبووین.

باوکم، وەك ئێوەش دەزانن، شاعیر و ئەدیبو لۆژیکناس بووە. من لە منداڵیەوە بە بینینی شیعرەکانی باوکم لە بڵاوکراوەکاندا حەزم لە شیعر کرد، بەمانایەکی تر یانی ئەگەر ئەو شیعرانەی باوکمم لە بڵاوکراوەکاندا نەدیبان، دەچوومە نێو دونیای مۆسیقا، ئەگەر لەشاری ئێمە هەلو بوار زیاتر هەبووایە بەرەو لای هونەری دیکە دەچووم. چونکە شاری ئێمە (لەنگەروود) شارێکی بچووك بوو، وەك زۆربەی شارە بچووکەکانی دیکەی ئێران، تا ئێستاش جگە لە شیعر هونەرێکی دیکە بوونی نیە. بۆیە بە شێوەیەکی ئاسایی رووی خۆم دایە شیعر. سەرەتا بە خوێندنەوەی شیعری کلاسیك (غەزەل و قەسیدە) دەستم پێکرد، شاعیری بەردڵی من حافز و غەزەلخوێنە هاوچەرخەکان بوون. (١٦) ساڵان بووم کە بە شیعری نوێ ئاشنابووم و پەیوەست بووم، یەکەمین ئەو شاعیرانەی کە شیعرەکانیانم کەوتنە بەردڵ و منیان هۆگری شیعری هاوچەرخ کرد فەرەیدون تەوەلەلی و نادری نادرپوور بوون. ئەودەم شیعرم دەنووسین، بەڵام بەگشتی هی تەمەنی بچووکیم بوون و ئەتوانم بڵێم شیعری سادەبوون و بەهای جوانناسیان نەبوو تا بکرێنە کتێب، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەودەم زۆریان چاپکران. دیوانەکەی باروکیشم چەندین جار چاپ کراوەتەوە، بەناوی "یادگارییەکان" – خاطرات – ە.

**نرخپێدانی شەمس لەنگەروودی بۆ نیما چۆنە؟**

کاتێك نیما کۆچی دوایی کرد، من تەمەنم هەشت ساڵان بوو، کاتێك کتێبی



**دوێنێ شەو کە لە پەنجەرەوە دەمڕوانییە سلێمانی، شیعرم بۆهات و نووسیم، بەڵام دیسانەوە ئەوە نیە کە من دەمەوێ، دەستپێکی شیعرەکەم بە مجۆرەبوو:**

"وشەکانم لە نووردا دەشۆمەوە
تا باسی تۆ بکەم
سلێمانی . ."

**شیعرەکە بە مجۆرە دەستی پێکردووە، بەڵام دەبێ تەواو ببێ.**

یەکەمی شاملۆ بڵاوبووەوە من هێشتا لەدایك نەببووم. ئەمانە لەڕووی تەمەنەوە زۆر لە من زووترن و ئێمە دواتر و لەژێر کاریگەری بەرهەمی ئەوان هاتینە نێو دونیای شیعری هاوچەرخ و لەراستیدا ئەو ڕەوشەی من لە لەنگەروود تیایدا بووم، ئەوان لەو ساڵانەدا لەسەر ئاستی ئێران تیایدا بوون، یانی هەروەك چۆن شیعر تەنها هونەری خەڵکی شاری لەنگەروود بوو، ئەوان ساڵان لەسەر ئاستی ئێرانیش هێشتا هونەرەکانی دیکە بەوجۆرە نەبوون، بۆیە ئەمانە ئاڵا هەڵگرانی هونەری ئێران بوون، دواتر مۆسیقاش هاتە نێومەیدانەکەو نیگارکێشان هات، کەئەمانە پێشتر نەبوون، هەروەها شانۆو تەئاتریش دەرکەوتن، ئیدی بەجۆرێك لە جۆرەکان دابەشکارییێك هاتەکایەوە کەلەڕوویەکەوە کاری ئێمە دژوارتر و لەڕوویێکیتریش باشتربوو، ئیدی گۆڕەپان کرایەوە بۆ ئەزموونگەلی زۆرو دەنگ کەمتر دەهاتە بەرگوێ. سەخت بوو کە دەنگی خۆت هەڵبڕی ولەنێو ئەو هەموو دەنگە دەنگە بیبیسترێ، لەبەرئەوەش ئەو بەرپرسیارێتیە مەزنانەی لەسەرشانی شاعیران بوون ئیدی هەڵگیران یان سووکتربوون. ئێمە لەژێر کاریگەری ئەمانە دابووین لەراستیداو ڕێگەمان بۆ واڵابوو، یانی سەرەتا لەرێگەی نادرنادرپوورو ئەوانەی کە من لە کتێبەکاندا باسم کردوون و بە شاعیرانی — نوقدما- کلاسیکە هاوچەرخەکان، یانی هەم شتێکیان لە کۆن و هەم شتێکیان لە نوێ پێ بووو ئێمە بە ئاشنابوون بە شیعری مام ناوەند (نێوان کلاسیك و هاوچەرخ)ی ئەمانە ڕێی خۆمان بە ئاراستەی شیعری — نیمایی- کردەوە. وەك تەوەلەلی و ئومێدو ئەخەوان و ئەمانە.

**چۆن بوو کە شاعیرانی هاوچەرخی ئێران(شەمس کەمسایی و تەقی ڕەفعەت) دواتر لە قۆناغی نیماشدا (میرزادەی عیشقی) و کەسانی دیکە هەبوون. نەیانتوانی وەکو(نیما) دنیای ئەودەمی شیعر بە مۆرکی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن؟**

پرسیارێکی زۆر وردە کە ڕەنگە زۆر کەس سەری لێدەرنەکەن، ئەمانە هەموویان لە ئەنجامی شۆرشی مەشرووتییەت هاتن، کاتێك شۆرشی مەشرووتە لە ئارادابوو گرووپێك لە هونەرمەندان کە لە تورکیاو روسیا بوون و هاتنە تەوریزو ئەڵقەیەکیان پێکهێنا لە دەوری شۆرشوانێکی ئەودەم بە نێوی شێخ محەممەدی خیابانیو لە بڵاوکراوەکانی ئەوانساڵان کە وەك کوردستانی ئەمڕۆی ئێوە هەرێمێکی ئازادبوو، دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان. دووشت بووە هۆی ئەوەی کە ناوی ئەمانە نەیەتە نێو ناوان؛ یەکەم ئەوەی کە هەڵێکی باشیان بۆ نەرەخسا شیعری خۆیان پێش بخەن. بۆچی؟ چونکە هەردوای ماوەیەکی کەم ڕەزاشا هات و شۆرشگێران سەرکوتکران و هەندێ پەرتەوازەبوون و هەندێك ئاوارەبوون و هەندێکیشی ئەوەبوو کە لە راستیدا هیچ کام لەوانە توانای پێویستی لەبارادانەبوو کە بتوانێ زمانێکی جوانناسی نوێ دروست بکات. شیعرەکانیان هەمان ئەو شیعرە کۆنانەبوون کە تەنها کەمێك تیلتیلەو بیلبیلەو زەنگوڵی پێوە ئاوێزان دەکرا، دوای ئەوە کە هەموویان پەرتەوازەبوون، لەو ناوەدا نیما سەریهەڵدا. یانی تەقی ڕەفعەت لەساڵی ١٣٠٠ خۆی کوشت، نیما یەکەمین شیعری خۆی لەساڵی ١٣٠٠ بڵاوکردەوە، بەڵام کاری نیما جیاوازییێکی بنەڕەتی لەگەڵ شیعری ئەوانی دیکەدا هەبوو. نیما ئیدی بەتەواوی لەوە ئاگاداربوو کە خەریکە چی دەکات. ئەوان زۆر ئاگاداری فەلسەفەی کاری خۆیان نەبوون. نیما دەیزانی فەلسەفەی کاری ئەو چیە. پێموایە تەنها کەسێك کە دەیتوانی شیعری خۆی بگەیەنێتە ئاستێك و هەر خۆشی بوو کە یەکەمین شیعری هاوچەرخی نووسی (ئەبولقاسمی لاهوتی کرماشانی) بوو، بەڵام ئەو یەکەمین شاعیربوو کە شیعری هاوچەرخی بەمانای ئەمڕۆکە نووسی. بۆچی ئەو وەك باوکی شیعری هاوچەرخ نەناسرا؟ بەهەمان هۆ کە(ڕوودەکی) و زۆری دیکەی بەر لە ڕوودەکی بەزمانی فارسی شیعریان نووسیبوو، بەڵام ڕوودەکی وەك باوکی شیعری کلاسیك ناسرا، چونکە نەیانتوانی بەر لە ڕوودەکی شیعر بهۆننەوەو نەگەیشتبوونە ئەو ئاستە زمانەوانییە پێویستەو بەو فراوانیەی خەیاڵ نەگەیشتبوون. ئەوان ئەو هەلەیان بۆ نەرەخسابوو. ڕوودەکی توانی شیعری فارسی بەجێ بێڵێت و پێشکەوێت و لەنێو خەڵکدا پەیرەوگەل و مورید بۆخۆی پەیدا بکات و ببێتە باوکی شیعری فارسی(کلاسیك). نیماش بەهەمان شێوە بوو، بەڵام لە شیعری هاوچەرخدا. پێش نیما شاعیرانی دیکە هەبوون و شیعری نوێ و هاوچەرخیان دەستپێکردبووو لەڕووی پێکهاتەو ستایلی کار گرنگترینیان (ئەبولقاسمی لاهوتی)بوو. بەڵام کاتێك شۆڕش و مەشرووتیەت هات لاهوتی رایکردو بۆ ماوەی چەندین ساڵ هیچ هەواڵێکی نەبووو دواتریش کە شیعرەکانی ناوبەناو دەردەکەوتن زۆر دووربوون لە شیعری هاوچەرخ. تەنها لەڕووکەشدا شیعرەکانی دەچوونە سەر شیعری نوێ دەنا لە ناوەرۆکدا شیعری کلاسیك و کۆن بوون. بەڵام نیما بنەڕەت و سیستمی شیعری نوێی گۆڕیبووو ئارامی گرت و بەرگەی گرت و گیانی بەخشیە شیعری نوێ، بۆیە بە باوکی شیعری نوێ ناسرا.

**بۆچوونی جەنابتان لەبارەی میرزادەی عیشقیەوە(خاوەنی تابلۆی مریەم) کە شیعرێکی کاریگەرە، چیە؟**

(عیشقی)ش وەك لاهوتی وەك شەمس کەماسیی وەك خامنە لەهەمان چوارچێوە دابوو. لەریزی بناغەدانەرانی شیعری نوێیە، بەڵام هێشتا هیچی نەکردبوو کە کوژرا، هێشتا نەیتوانیبوو شتی کاریگەر بڵاوبکاتەوە، هێشتا ئاشنای سیستمی جوانناسی شیعر نەببوو تا (عیشقی) بکاتە مۆرکێکی شیعری سەردەمی خۆی و لە هەمان چوارچێوەدایە. شیعری کۆنی هەیە کە تەنها هەندێ گۆرانی ڕووکەشی تێدا کردووە، وەك شاعیرێکی شۆرشگێڕو کۆمەڵایەتی جێگەی دیارە، بە تایبەت کە هەندێ وشەو دیمەنی نوێی هێنایە شیعرەوە کە پێشینەیکیان نەبوو، لەم ڕووەوە بەهایەکی خۆی هەیە، بەڵام هەر لەریزی شاعیرانی پێش نیما دەژمێردرێ.

**جیاوازی نیما لەگەڵ ئەخەوان و شاملۆو م. ئازادو موشەرەف و تێهرانی لە چیدا دەبینیتەوە؟**

هەرکامیان لەگەڵ ئەویدیکە جیاوازە، ئەمانە بە جۆرێك لە جۆرەکان ڕێگەی نیمایان درێژەپێدا، کە دەکرێ بە درێژەپێدەرو تەواوکەر یان تێگەیشتووی زمانی نیما بناسرێنەوە، بەو مانایەی کە بۆ نموونە ئەخەوان سالس بەو تواناو کۆنترۆڵەی لەسەر ئەدەبیاتی کۆن هەیبوو، توانی شیعری نیمایی بە جوانی و مەزنیەوە

ژماره ١٢
نیسانی ٢٠٠٨



# بۆ من شیعر بەهایەكی فەلسەفی هەیە، تەنها گەمەیەك نیە

شەمس لەنگەروودی

دەربڕی، دەبێ ئـــەوەش بڵێم یەكێـــك لەو گرفتانەی كـــە دووچاری نیماو پەیرەوانـــی ببـــووەوە، ئەوەبوو كـــە دەیانگوت ئەمانە شـــارەزای ئەدەبیاتی فارسـی نین، (ئەخەوان سـالس) كە هات، ئیدی نەیاندەتوانـی تانە لەمانە بدەن، چونكە ئەو مامۆسـتای ئەدەبیاتی فارسـی بوو. ئەو خۆی یەكێك بوو لە غەزەلنووس‌و قەسیدەنووسەكان‌و دەستیكرد بە شیعرنووسین، كاتێك ئەو هات ئیدی چەكی لە دەسـت رەخنەگران دەرهێنا، گرنگیی ئەخەوان سـالس لەوەدایە كە شـیعری نیمایی بەجێهێشت‌و پێشكەوت، گرنگی شاملۆ ئەوەبوو كە فراوانی‌و رووبەری بەخشـیە شـیعری نیمایی، بەهەرحاڵ هێشتا كێش‌و سەروا مابووو شاملۆ هات ئەو كێش‌و سەروایەی لابردو نیشانی دا كە دەكرێ شیعر بەبێ (كێش) یش بنووسرێ‌و بگوترێ. "مەحمودی ئازاد"یش جیاوازیی لەگەڵ شـاملۆو ئەخەواندا ئەوەیە كە هاتبوو نیشـانی بدا كە ئێمەی شاعیر جگە لەوەی دەمانەوێ لە ناوەرۆكدا نیشـانی بدەین، دەتوانین لەروخسـارو ئاكاریشـدا جوانـی‌و دڵگـیری‌و بەرچاویـی شـیعر نیشـانبدەین وبەمەش فۆرمالیزمی لە شـیعری نیمایی هێنایە كایەوە. دەرەنجام ئەوەیە كە هەموو ئەوانەی تر درێژەپێدەرانی رێگـەو رێچكەی نیمابوون، بەڵام لقی جیاوازی ئەو رێچكەیە بوون.

**ئێمە لەم قسـانەماندا یادێكمان لە فروغ‌و سـوهراب سپهەری نەكرەوە، ئەوانیش سـەر بە رێچكەی نیمابـوون، ئەمانە كاریگەریان جێهێشـت. روانگەی ئێوە لەسەر بەرهەمەكانی ئەوانە چیە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەش كە خاتوو فەروخزاد ئافرەتێك بووو سوهرابیش وێنەكێش، كاریگەری نیما لەسەر ئەم دووەو هی ئەوان لەسەر نەوەی دوای خۆیان چی بوو؟**

لەراسـتیدا ئەمانە هەردووكیان تیشكی یەك سەرچاوەی رووناكین. وەك ئەوەی تیشـكی هەتـاوت دابێتە سـەر ئاوێزەیەك‌و تیشـكی رەنگاو رەنگی لێدەرچووبێت، ئەمانە هەموویان سـەر بەیەك سـەرچاوەن‌و تیشـكی یەك خۆرن، دەنا جیاوازییەكـی ئەوتۆیان لە نێواندا نیە، بۆ نموونە فروغ هات‌و دوو كاری زۆر گرنگی ئەنجام دا، یەكەم ئەوەی كە شیعری خستەبەر دەستان، یەكەمین شـاعیربوو كە توانی لەو وشەو زاراوە سـادانەی رۆژانە بەكاردێن دەقی جوان بنووسێ‌و بەشێوەی شیعر دەریانبێنێ‌و وشە بخاتە چوارچێوەی شـیعرەوە. بۆ نموونە: " بە دایكم گوت ئیدی تـەواو.. هەردەم پێش ئەوەی بـیرت بۆیان بچێ شـتەكان روودەدەن. . دەبێ پرسـەی خۆمـان بە رۆژگار رابگەیەنـین" هەمووومـان ئەوە دەكەین، بەڵام كەسـێك هـات وزهنیەتێكی شاعیرانەی لەو دەقانە وەرگرت‌و كردنیە شیعر، ئەمە ئەو كارەبوو كە فروغ كردی، فروغ ژیانی هێنایە نێو شیعرەوە، دووەم كاری گرنگی ئەوەبوو كێشی نیمایی شـكاند، خۆی لە خۆیدا شـكابوو، هات‌و دیسـانەوە شـكاندی، بەڵام توانی رووبەرووی ئەوەش ببێتەوە كە ئەگەر بڵێن نەیتوانی شیعری كێشدار بنووسـێ، هات‌و هەندێ دەقی كێشداری نووسـی تا نەڵێن كێش نازانێ، زۆر ئاگایانە هەڵێكی نوێی بۆ شیعری كێشـداری فارسی هێنایەكایەوە. سوهراب لـە دەسـتپێكی كاری خۆیدا لەژێر كاریگـەری نیمادابـوو، دواتر لەهەندێ بەرهەمیـدا لەژێـر كاریگەری (هوشـنگ ئیرانی) دابـووو دیدگای عیرفانی ئەوی بەرجەسـتەكردو بۆ ماوەی دە سـاڵ بەزمانی ئەو شیعری دەنووسی، بە تێكەڵێك لە جواننناسـی نیمایی‌و جوانناسی سوریالیزم. هۆشەنگی ئێرانی توانـی ببێتە ئەفرێنەرێكی گەورەی ئەدەبیات‌و لەراسـتیدا دیدێكی نیمایی وناوەرۆكێكی هۆشەنگیانەی لە شیعردا هەبوو .

**چۆن دەروواننە نەوەی نوێی شیعری ئێرانی یان رەوشی شیعری ئەمرۆی ئێران چـۆن دەبینن؟ وەك ئێمە بزانین ئێوە لە سـاڵانی حەفتا لە لوتكە دابوون‌و كتێبی (مێژووی شـرۆڤەیی شیعری نوێ) تان نووسیوەو ئاشنای بەرهەمەكانتـین، دەمانەوێ دەربارەی هاونەسـل‌و نـەوەی دوای خۆت باسمان بۆ بكەی؟**

دوای ساڵی١٩٧٩ ئێران لە هەموو بوارەكاندا دووچاری قەیران بووەوە، لێرەدا قەیران بە مانای بنبەست‌و كاولكاری نیە، بەڵكو دووچاری رەوشێك بوونەوە كە هەوڵی خۆرزگاركردن‌و دەربازبوون دەگەیەنێ، یانی رابردوو بەجێبێڵێ‌و بەرەو پێشەوە هەنگاوبنێ. بۆیە ئەو بوارانە شیعریشی گرتۆتەوە. ئیدی ئەو جوانناسیەی شیعری كلاسیك لە شـیعری نوێ وەڵامگۆ نیە، بۆیە شەپۆلێك كەوتۆتـە رێ كە هەر كەس تیایدا لە هـەوڵی دۆزینەوەی رێچكەی خۆیدایە، بەر لە شۆرشـی ١٩٧٩ دوو شێوە شـیعر هەبوو، یەكێكیان ئەو شیعرانەی كە تەنیا گرنگیان بە ناوەرۆك دەداو ئەمانە شیعری سیاسیی پارتیزانانە بوون‌و ئەوی دیكە ئەو شـیعرانەبوون كە گرنگیان بە شكڵ‌و روخساری شیعر دەدا. كـە راپەڕین روویدا ئیدی هەم شـیعری سیاسـی‌و هەم شـیعری مەوزوون بەسـەرچوون‌و كاریگەریـان نەما. ئێمـە هەوەڵین ئەو كەسـانەبووین كە لـە سـاڵانی هەشـتاكان دووچـاری ئـەو قەیرانە بووینـەوە. شـوێن رێگا چارەیەكـی نـوێ كەوتـین، چونكە هیچ لەو شـێوازو سـتایلانەی پێشـتر وەڵامگۆ نەبوون، بۆیە ئەمە رێچكەو شـەپۆلی جیاوازی هێنایەكایەوە، كە لە سـاڵانی نەوەدەكان ئەو هەمەرەنگ خوازییە گەیشتە لوتكەو هەر یەك لەو رێچكە هەمەرەنگخوازانە پێیان وابوو كە رێچكەی خۆی دەبێتە ئاڵاهەڵگری ئایندەی شـیعر، بەڵام هێدی هێدی ئەو رێچكانە دامركانەوەو نەمان، ئێستا لەم ساڵانە جەختكردنەوەیەك هەیە لەسەر ئەوەی كە شیعرێك هەیە سادە، لەراسـتیدا دەتوانین بڵێین كە قوڵاییەكیشی هەیەو لەهەمان كاتیشدا ژیانی رۆژانەشـی تێدا وێنا دەكرێ، دەچێتەوە سەر شیعری سوریالیستی بە ئێرانی بـوو. ئەم شـیعرە تازانە خەریكن دەبنە باوو نموونەی زۆر باشیشـمان لەو شـیعرانە بەدی كردووە. شیعرەكانی ساڵانی هەشتا شیعری بەشوێن داگەڕان بوون بۆ رزگاربوون لە بنبەسـت. شـیعری نەوەدەكان شـیعری گەڕان بوون بەشـوێن هەمەرەنگی بۆ دۆزینەوەی دەروازەیەك بۆ دەربازبوون، شـیعری بێ ناوەرۆك‌و بێمانا یان لە مانا داشـۆراو، شـیعری ئەم ساڵانە وەك زریان‌و رەشەبای دەریایەكی ئارامگرتوو وایە، یانی زۆربەی شاعیران لەوە گەیشتوون كە ئیدی شـیعری ئاڵـۆزو بێماناو هەزمنەكراو جێگایەكـی بۆ نەماوەتەوە، بۆیە هەمان ئەم شـاعیرانە خەریكن لە شـیعری ئاسان‌و سوریالیستی نزیك دەبنەوە.

**هەنـدێ لە ئەدیبان دەڵێن لە ناخی هەر شـاعیرێكدا منالێك هەیە، ئەم سـادە ژیانە چی دەگەیەنێ؟ دەیانەوێ ئەوە بڵێن كە دونیای ئەدەبیات دونیای پاكیی‌و بێگەردیی‌و بێگوناهییە؟ بۆچوونی بەڕێزتان لەم بارەیەوە چیە؟**

تكایەكم هەیە لە بەڕێزتان، ئەویش ئەوەیە كە قسـەكانم بە تایبەت ئەم قسـەیەم بەوردی تەرجەمە بكەن، چونكە زۆر هەستیارە. شاملۆ گوتەیەكی هەبـوو زۆر گرنگ بـوو دەیفەرموو" من كاتێك شـیعر دەڵێم هەر ئەو دەم شـاعیرم، دوای ئەوە ئیدی شـاعیر نیم"ئەوانی دی لەبەرئەوەی راست ناڵێن



## " ئەگەر بڵێین ئەرکی شاعیر ئەوەیە جیهان بسازێت ئەوا بەهەڵەداچووین، شاعیر تەنها یەك ئەرکی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لەگەڵ خۆیدا ڕووڕاست بێت "

ئەم گوتەی ئەو دووبارە ناکەنەوە، چونکە ڕاستە شیعر بەرهەمێکی ناخی منالانەیە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە شاعیر هەمیشە خودان ناخێکی منالانەیە، بەگوتەی شاملۆ: "دەتوانرێ شیعر بکرێتەبەر مرۆڤێکی پاكو بێگەردو دەتوانرێ بکرێتەبەر قاچاخچیەك"، بەڵام لەکاتی هۆنینەوەی شیعر دەبێتەوە منال، یانی بە گیانی قاچاخچێتیو ناڕاستگۆیی ناکرێ پاك بگوترێو بنووسرێ، شاعیر لەکاتی هۆنینەوەدا پاكو بێگەردە، ئەمەش بەو مانایە نایەت کە هەموو شاعیرەکان پاكو بێگەردن. زۆر ناڕاستگۆن ئەوانەی ئەو بانگەشەیە دەکەن. وەك شاعیری گەورەی عەرەب (موعین بەسیسۆ) شیعرێکی هەیە دەڵێ: "رامبۆ ، تۆ خۆ شەریف بوویت... ئەودەمەی نەتتوانی شیعر بنووسی چوویت بوویتە قاچاخچی، ئێستا وا قاچاخچیەکان هەموو خەریکن دەبنە شاعیر... پێڵاوی ژەنەراڵەکان بۆیاخ دەکەن، بەڵام واز لە شیعر ناهێنن". لەبەرئەوەیە دەڵێم لە وەرگێڕانیدا وردبن. بەوجۆرە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە بەڵێ شیعر بەرهەمی ناخێکی منالشێوەیە، ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەمە بەم مانایە نیە کە شاعیران هەموو منالئاسان، دووبارەی دەکەمەوە، شیعر توانایێکە..لێهاتووییێکە لە مرۆڤگەلی جیاوازو نارێك دەردەکەوێت.بەڵام هەندێ ئامادە نین واز لە شاعیرێتی بێنن، دەیکەنە ئامرازێك. ڕامبۆ کە شیعری دەگوت، شاعیر بوو، بەڵام کە بووە قاچاخچی ئیدی وازی هێنا، کەچی ئەمانە دەبنە قاچاخچیو وازیش لە شیعر ناهێنن، تەزویرچینو درۆدەکەن، کڵاودەنێنە سەر خەڵکی دیکە. گیانی قاچاخچێتی لە شیعرەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوەو گیانی منالشێوەیان ئیدی کەم کەم لە نێو دەچێت، ئەمانە شیعر بۆ نیازی خراپ بەکاردێنن. دەبێتە ئامرازی کاریان، جێگەی داخە کە ئەمە واقیعە.

**بەڕێز لەنگەروودی ئێوە لە چ فەزایەکدا ئیلهامی شیعرتان بۆ دێت؟**

بۆ منیش هێشتا ڕوون نەبۆتەوە. هەندێ جار باشترین ڕێو شوێن هەیە بۆ نووسینی شیعر، بەڵام شیعرم بۆ نایە. جاری واشە لەنێو پاسەکانی تاران‌و تەکسیەکانی تاران‌و لەبەر هەتاوی گەرم‌و سوتێنەر هەست دەکەم شیعر دەڵێم، کەشێکی تایبەت بۆ نووسینی شیعر بوونی نیە.

**لەوەتەی لێرەن شیعرتان نووسیووە؟**

پرسیارێکی باشت وروژاند، بەڵێ سێ جار شیعرم بۆهاتووە، بەڵام بەدەست من نیە، شیعر دەبێ زمانی خۆی بدۆزێتەوە، دووجار زمانی خۆی نەدۆزیەوە، نووسیم بەڵام بێهودەبوو. دوێنێ شەو کە لە پەنجەرەوە دەمڕوانییە سلێمانی ، شیعرم بۆهات‌و نووسیم، بەڵام دیسانەوە ئەوە نیە کە من دەمەوێ، دەستپێکی شیعرەکەم بەمجۆرەبوو:

"وشەکانم لە نووردا دەشۆمەوە
تا باسی تۆ بکەم سلێمانی ..."

بەمجۆرە دەستی پێکردووە بەڵام دەبێ تەواو ببێ. هۆی ئەمەش کە ئەم شیعرە هاتە هەوارمەوە، چەند شتێك بوو. یەکێك ئەوەی کە خەڵکی کورد تا ئەو شوێنەی من دیومن، لە شەقام، لە ڕەفتاریاندا، خەڵکی ئارام‌و هەستم کرد مرۆڤی زۆر لە دڵا شیرینن، ئەگەرچی هەرگیز لەوە نەگەیشتم کە بۆچی لە کاتی قسەکردندا لەگەڵ یەکتری تورەن(بە پێکەنینەوە)، ڕەنگە بەهۆی ڕابردووو مێژووی سەختیانەوە بووبێ.ئەگەر بشمەوێ دەستنیشانی بکەم دەبێ بڵێم من ئەو هەستەم لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکانیان بەدی کرد نەك لە گفتوگۆی خەڵکی ئاسایی. ئەو شیعرانەی کە خوێندیانەوە، دەتوانم بڵێم هەموویان بە میلۆدێکی گرژ خوێندیانەوە.

**بەختیار عەلی کە ئەدیبێکی گەورەی کوردە، دەڵێ: شیعر هونەری بنیاتنانی جیهانە. ئەم هونەری دروستکردنە چیە لە جیهان؟ ئەگەر شیعر نەدەبوو جیهان بە کوێ دەگەیشت؟**

ئەو قسانەی کە شاعیرو هونەرمەندو ئەدیبەکان دەیهێننە زمان لە ئەنجامی شێوەبیرکردنەوەو تەئەمولاتی ئەوانە، کاتێك بە کورتی شتێك دەڵێن دەبێ ڕوون بێتەوە، کە مەبەستیان چیە. ئایا ئەو خوێندنەوەو شرۆڤەیەی کە من کردوومە هەر ئەوەیە کە ئەو مەبەستی بووە؟ بەڵێ شیعر دەرەنجامی هونەرە، دەرەنجامی کەم‌و کورتی ژیانە. یانی ئەگەر هەموو شت لەوپەری باشیو لوتکەی خۆیدابوو، مرۆڤ هەرگیز پەنای نەبردەبەر هونەرەکان، شیعر وەك هەڵکێشانی ئاه وایە بۆ لەدەستدان یان بۆ ئارەزووی بەدەست هێنان، کەوابێت شیعر دەرەنجامی غیاب‌و نادیاری‌و کەم‌و کورتیە، کاتێك غیاب‌و کەم‌وموڕتی هەبێت‌و تۆ بەشوێنی دا بگەڕێی، ئەمە یانی تۆ بۆ وەدیهێنانی جیهانێکی باشتر هەوڵ دەدەی. ئەگەر مەبەستی ئەمە بێت ئەوا بۆچوونەکە دروستە، بەڵام ئەگەر مەبەستی ئەوە بێت کە شاعیر ئەرکی ئەوەیە جیهان بسازێت ئەوا بە هەڵەداچووە، شاعیر تەنها یەك ئەرکی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لەگەڵ خۆی ڕووڕاست بێت، ڕووڕاستانە قسەی دڵی خۆی دەربڕێ. دروست بێ یان چەوت. بەرهەمەکانی سادق هیدایەت گرنگی خۆیان بەچی سەلماندووە، بەوەی کە ڕووڕاستانە دەینووسی،(حاجی ئاغا) کتێبێکی لاوازە، من لەگەڵیدا بم یان نا، ئەوە ڕاستییەکەیە، چونکە ئەو دەمەی هیدایەت ئەوەی نووسیوە لەژێر کاریگەری دڵی خۆیدا نەبووە، بەڵکو لەژێر کاریگەری بۆچوونێکی دەرەکی حزبێك بووە، بەڵام دەبینین هەمان ئەو ناوەرۆکەی ئەو کاتێك چیخۆف دەینووسی دەدرەوشێتەوە! سادق هیدایەت لەگەڵ هەر پرسێکدا لەگەڵ هەر بابەتێکدا سادق بێت لەوێدا سادق‌و ڕاستگۆیە لەوێدا دەدرەخشێ. ئەرکی ئەو ڕووڕاستیی‌و سەمیمییەتە ، ئەرکی هونەرمەندیش ئەوەیە کە ڕووڕاست بێت، ئەگەر بمانەوێ ئەرکێك بخەینە ئەستۆی ئەوانەوە کارێکی هەڵە دەکەین.

**چۆن پێناسەیەکی دروست بۆ هونەری شیعر دەکەیت؟**

دەزانن کە ئەگەر مرۆڤ نەخەوێ دەمرێ. وەك زانراوە ئەگەر بە هۆیەك لە هۆیەکان مرۆڤیان ناچارکرد نەخەوێ، ئەوا دوای ماوەیەك ئەو کەسە دەمرێت. یانی خەو وەکو ژیانە، وەکو بێدارییە، لە پێویستییەکانی ژیانە. هونەر خەوێکە کە لە بێداریدا دەگوزەرێ، هونەر وەك خەو وایە، هونەر تەجەلی خەوە. تەجەلی هەموو هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕۆژانەیە، ئارەزووی بەدی نەهاتووەکان. هونەر ئەوەیە.

**یانی خەو ئەو شتانە دادەپۆشێ؟**

نا، دایانناپۆشێ، نا بەلکو بەشێوەی جۆراوجۆر ئازادیان دەکات تا باری ئازارو ڕەنج کەمتر دەکاتەوە. وەك گوتمان کەسێك کە ماوەیەکی زۆر نەخەوێ سەرەنجام نەخۆش دەکەوێ، خەو بەتاڵبوونەوەیە، وەك دەمۆچکەی مەنجەڵی (بوخار) وایە کە جارجار لادەبرێ بۆ بەتاڵبوونەوەو نەتەقین، خەو ئەو دەمۆچکەیەیە، هونەریش وەك ئەوە وایە، بەڵێ ئەگەر نەبێ ژیان بەردەوام نابێ.

**شاعیر دەبێ لە نێوان هەست‌و زمان ڕایەڵێکی پەیوەندی دروست بکات، ئەو پێداویستیانە چین تا بتوانێ ئاسانتر لەڕێی گوزارشتەکانیەوە ئەو هەستانە بخاتە سەر ڕووپەڕ؟**



ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە. کاری هونەرمەند، کاری شاعیران دەربڕینی هەست نیە، کاریان شێوەبەخشین بە هەستەکانیانە، " ت. س. ئیلیۆت" دەڵێت کاری شاعیر دەربڕینی هەست نیە، شاردنەوەی هەستەکانە. ڕەنگە مەبەستی ئەوەبێت، کە کاری شاعیر بەیانکردنو دەربڕینی هەست نیە، بەڵکو ئەوەیە کە شێوە بدات بەو هەستە. کە شیعر دەنوسرێ تۆ لێکدانەوەیەکت بۆ هەیە، من لێکدانەوەیەکی تر و یەکێکی دیکە لێکدانەوەی خۆی، کۆی ئەو خوێندنەوانە وادەکات کە حافز ببێتە حافز. ڕێگەکەی ئەوەیە کە هونەرمەند بەسەر پێداویستییەکانی کاری خۆی چاودێرێکی سەرکەوتووبێ، وشە، ئیستیعارە، کینایە، دەبێ ئەمانە بزانێ، بەتایبەت وشە باش بناسێ.

**ئەدەبیاتی کلاسیکیمان لە نالییەوە دەست پێدەکاتو لەوەوە دەگاتە لوتکەی غەزەلیات وەك حافزو ئەمڕۆکەش شاعیرانی وەك شێرکۆ بێکەس ، عەبدوڵا پەشێو، لە تیف هەڵمەت، جەلال مەلەك شاە، سوارە ئێلخانی زادە،،، ئەمانە شاعیرانی هاوزەمەنی نیمان جگە لە شێرکۆ بێکەس، چ ئاشنایەتیەکت بە ئەدەبیاتی ئێمەوە هەیە؟ چ کاریگەرێکی هەبووە لەسەر تۆ؟ ئەم ئەدەبیاتە چ پێگەیەکی لە نێو ئەدەبیاتی ئێراندا هەیە تا ئەو شوێنەی تۆ پێی ئاگاداری، لەوانەدا کە بە فارسیت خوێندوونەتەوە نەك بە کوردی؟**

بەداخەوە کەمن ناتوانم کوردی بخوێنمەوە، چونکە کوردی نازانم، بەڵام لەهەموو ئەو شاعیرانەی ناوبران تا ڕادەیەکی باش شیعرم خوێندۆتەوەو دەیانناسم. من شیعرە کورتەکانی ئەم شاعیرانەم زۆر حەزلێیە، بەگشتی دەڵێم، شیعرە درێژەکانیان نازانم بەهۆی وەرگێڕانەکەیانە، مەبەستم ئەوە نیە کە وەرگێڕانەکەی خراپ بێت، نا بەڵکو ڕەنگە ئەو شیعرە درێژانەیان بۆ تەرجەمە دەست نەدەن، وەك بەرهەمەکانی ئەخەوان سالس کە لە فارسیدا دەدرەخشێنو کە وەردەگێڕدرێن جێژو هونەری خۆیان لەدەست دەدەن، ڕەنگە جۆری شیعرە درێژەکانیان شیعری وەسف بن وەك ئەخەوان سالس، شیعری وەسفکردنیش زۆر کۆن بووە، هەڵبەت مەبەست ئەوە نیە کە هەموو شیعرێکی تەوسیفی بەهای خۆی لەدەست دابێ، نا، بەڵکو شایانی وەرگێڕان نین، نازانم لەبەر ئەم هۆیەیە یان بەهۆی دیکەیە کە من شیعرە کورتەکانیانم زۆر حەزلێیەو کارم تێدەکەن، بەڵام حەز بە شیعرە درێژەکانیان ناکەم.

**دەمەوێ بپرسم شەمس لەنگەروودی بۆ کێو بۆ چی دەنووسێ؟ یان چۆن لەپرۆسەی نووسین دەڕوانێ؟ چونکە بەڕێزتان تەنها شاعیرنین، بەڵکو نووسینی دیکەتان هەیە، لێکۆڵینەوەی بەهادارتان هەیەو لەنێو**

**ئەدەبیاتی ئێراندا پێگەی گەورەیان هەیە؟**

هەموو نووسینەکانم شێوە وەڵامدانەوەیەکە بۆ ئەو شتانەی لای من نەزانراون، یانی لە هەوڵی زانیندام، لە شیعرەوە بگرە تا چیرۆكو ڕۆمانو کتێبی مێژوویی و شرۆڤەیی شیعری نوێ. بۆ نموونە هۆی ئەوەی ئەم کتێبەم نووسی ئەوەیە کە من کاتێك لەسالانی هەشتاویەكو هەشتاودوو لەدوای شۆڕشی ئیسلامی لە زیندان بووم. لەوێ ڕۆژنامەو گۆڤارنەبوون بڕیارماندا ئەوانەی کە لە دەوروبەری یەکترین، هەرکەسەو چی دەزانێ بیڵێو باسی بکات بۆ ئەوەی زانیاری یەکتری دەوڵەمەند بکەین. من پشکی باسکردنی ئەدەبیاتی ئێرانم بەرکەوت کە بۆ سێ چوار کەسی باس بکەم، بەڵام کە دەستم بەقسەکردن کرد، بینیم خۆ من هیچ نازانم. من مێژووی شیعری نوێ باش نازانم، ئێمە کە وامان دەزانی زانیاریمان زۆرە لەسەر ئەدەبیات بۆمان دەرکەوت کە بەهەڵە داچووین. بۆیە کاتێك لە بەندیخانە هاتمەدەر دەستم کرد بە گەڕان بە شوێن ئەو زانیارانەو دەستمکرد بە خوێندنەوەیان، پێشتر من تەنها چەند ناوێکم لەو شاعیرانە بیستبوون، بەڵام دواتر کە کەوتمە شوێن خوێندنەوەو بەدواداچوونی بەرهەمی ئەو شاعیرانە، من پێشتر تەنها شتێکم لە ئەبولقاسم لاهوتی بیستبوو، گوتم با لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەمو تۆماری بکەمو کەسانی دیکەش سودی لێ ببینن، پێمواببوو کە کتێبێکی سێ سەد لاپەڕەیی دەردەچێ، نەمدەزانی کە دەبێتە دوانزە هەزار لاپەڕەی دەستنووسی خۆمو چوار بەرگ کتێب. ئیدی وردە وردە دەساڵ لە تەمەنی منی برد، بۆیە دەڵێم هەموو نووسینەکانی من لە پای گەڕانی خۆم بووە بە شوێن مەعریفەدا، چ چیرۆكو چ لێکۆڵینەوەکانم، بەڵام ئەوەی بۆ من ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە ژیان شیعرە. شیعر وادەکات کە بێ بەهایی ژیان کاڵ بێتەوەو ژیان مانایەکی هەبێ. بزانم کە ژیان یانی چی، بۆ من شیعر بەهایەکی فەلسەفی هەیە، تەنها گەمەیەك نیە، بۆمن وەك هەناسەی ژیان وایە، کاتێك شیعرێك بە بۆچوونی خۆم باش دەنووسم، وا هەست دەکەم کە کۆمەڵێك شتی شادیهێنەرو سەرگەرمیم لەتەکدا ئەنجام داوە، شیعر لە پلەی یەکەمدایە بۆ وەڵامدانەوەی ویستەکانی خۆم.

**وەك من ئاگادارم هاوسەرەکەتان پشتیوانی فیکری بەڕێزتان بوو، لە شوێنێکدا ئەمەم خوێندۆتەوە، وەك گوتراوە ستونی ژیانی ئێوەبووە، دەمەوێ بزانم پێگەو ڕۆڵی هاوسەرەکەت لە ژیانتدا چۆن بووە؟**

ئێمە کاتێك چووینە ژیانی هاوسەرییەوە دروست هەمان ساڵی ئینقیلاب بوو. هەردووکمان کارمان لەدەست داو ژیانێکی زۆر سەختمان دەستپێکرد، چونکە لەسەر ئیش لادراین، بێ پارەبووین، گرفتاربووینو من لەگەڵ ئەوەی کە دەرچووی بواری ئابووری بووم، بەڵام هیچ حەزم لەکارکردن لەو بوارەدا نەبوو، چونکە پتر دەمویست شیعر بناسمو پێی بگەمو بۆ ئەمەش پێویستە ئارامیو ئاسایشی خەیاڵم هەبێتو ڕۆڵی هاوسەرەکەم لە ساڵانی سەرەتای



# دۆن کیشۆت قارەمانی ئەم سەردەمەیە



هاوسەرێتیمان زۆر کاریگەربوو، بەتایبەت کە خۆیشی لێکۆڵەرەوەی کۆمەڵناس بووو لەوە دەگەیشت کە من چی دەکەم‌و بۆیەش من کتێبی کە کۆمەڵە شیعری (جشن ناپیدا)- جەژنی نادیار-م پێشکەش بە بەڕێزیان کرد.

**بەرهەمی پێکەوە ژیانتان چی بووە؟**

من کچێکی نۆزدە ساڵانم هەیە، ئێستا لەگەڵ دایکیدا لە ئەمریکا دەژیت‌و منیش بەردەوام دەچمە ئەمریکاو دێمەوە.

**لەو کاتەوەی هاتوویتە نێو کۆڕی ئەدەبیات هەمیشە بە بەردەوامی لەگەڵیدا ڕۆیشتوویت یان ناوە ناوە لێی دابراویت؟**

بەڵێ، زۆرجار ئەوکاتەی لە زیندان بووم، ناوبڕێکی درێژ هاتە پێشەوە، لەو ساڵانەدا کە لە ئەمریکابووم ناوبڕی نەویستانەو بێدەست هاتە پێش، من دووچاری غوربەتێکی سەخت ببوومەوە، نیگەرانییێکی سەخت بوو کە نەمدەتوانی کاریگەربم‌و جاری وابووە کە بە پێنج تا شەش مانگ یەك دێڕ شیعرم نەنووسیوە، بەڵام من ئەم دابران‌و نێوبرانە بە ئاسایی دەبینم، ئەمانە پێویستن بۆ دەستکردن بە کاری نوێ، بە تایبەت کە هەموو ئەو دابرانانە کاریگەری خۆیانیان هەبووە لە بەرهەمەکاندا ڕەنگ دەدەنەوە، مرۆڤ لەو تەنهایی‌و غەمگینییە بەهرەیەکی پۆزەتیڤ وەردەگرێ کە لە بەرهەمیدا دەکرێ بەباشی ڕەنگ بداتەوە.

**لە کتێبی ٥٣ گۆرانی عاشقانەدا بە شێوەیەکی بەرچاو کارتان لەسەر چیرۆکە ئاینیەکان کردووە، بە تایبەت ئەفسانە لەم نێوانەدا رووبەرێکی زۆری گرتووە، ئایا مەبەستت چیە لەو چیرۆکە ئەفسانەییانە، چۆن بوو هاتنە نێو بەرهەمەکانت؟**

مەبەست نوێکردنەوەی ئەو ئەفسانانە بووە، بەڵام بۆ منیش سەیرە کە بۆچی ئەم چیرۆك‌و ئەفسانانە هاتوونەتە نێو شیعرمەوە، ڕەنگە هۆیەکەشی ئەوەبێت کە من لەسەردەمی منالی‌و قۆناغێکی لاوێتیشمدا کەسێکی مەزهەبی بووم. ڕەنگە کەمێك لەژێر کاریگەری ئەوان ساڵاندا بووبم. هۆیەکی دیکە ڕەنگە ئەوەبێ کە من زۆر حەزم لە چیرۆك‌و ئەفسانەکانە، ئەفسانە لەراستیدا سەرچاوەی شیعری منە یانی شیعر بەجۆرێك لە جۆرەکان لە ئەفسانەوە هەڵدەقوڵێ، بەڵام ئایا داخۆ هەر ئەم هۆیانەش یان هۆی دیکە هەن نازانم، زۆر بەلامەوە خۆشە کە لەگەڵ ئەو ئەفسانانە گەمە بکەم. ئەمە گرنگیی خۆی هەیە، چونکە بەرای من ئیدی چیرۆك بۆتە گاڵتەجاری. قارەمانی ئەم سەردەمە بەرای من دۆنکیشۆتە، یانی لەساڵانی رابردوو، ئەو دەمەی زۆر شۆڕشگێڕ بووم، قارەمانی من سپارتاکۆس بوو، دوای ئەوە کە کەوتمە نێو سەردەمی نائومێدی موتلەق لە هەرچی شۆڕشڤان‌و شۆڕشگێڕ یەکە قارەمانی من بووە گرێگرا سامسا قارەمانی مەسخی کافکایە، ئەو بۆ من بووە سومبولی سەرەکی. دواتر زانیم لەهەریەك لە ئێمەدا دۆن کیشۆتێك هەیە کە لەهەندێکمان دۆن کیشۆتێکی گەورە لە هەندێکمان دۆن کیشۆتێکی بچووکترە. ئێستا لەدڵەوە لەو باوەڕەدام. من لەم گۆشەیەوە دەڕوانمە ئەفسانە، بۆیە هەندێجار بە تەنز دەردەکەون‌و دەڵێم:

*"درەنگ هاتی موسا*
*سەردەمی موعجیزەکان بەسەرچوو.."*

دۆن کیشۆت دەیویست موعجیزە دروست بکات، نەیدەزانی کە ئەو سەردەمە بەسەرچووەو نەماوە، سەردەمی پاڵەوانچێتی تێپەڕیووە.

*"گۆچانەکەت ببەخشە بە چارلی چاپلن با کەمێك پێبکەنین.."*

لە هەموو ئەفسانەکاندا بە شوێن نیگایەکی تازەدا دەگەڕێم بۆ ڕوانین لە ئەفسانەکان وەك ئەوەی دەڵێم:

*"هەموو کارەکان ئەنجام دراون، تەنها ئەیوب ماوە کە لەخانەی ساڵمەندان قبوڵ نەکراوە...."* ئێستا ئیدی ئەییوب بەکەڵکی چی دێت؟

**ئەگەر کورتەیەکمان لەسەر پرۆسەی ئەدەبیاتی تەنز لە ئێران بۆ باس بکەی. وەك ئەوەی لە بەرهەمەکانی ئێوەدا تەنز ڕەنگی داوەتەوە؟**

دەمەوێ ئاماژە بە دوو خاڵ بدەم؛ یەکەم ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر هەن دەبێ لەم ڕووەوە ناوببرێن‌و ناکرێت ناوی دوو کەس ببەین‌و ئەوانی دی فەرامۆش بکەین‌و دووەمیش ئەوەیە کە من زانیارییێکی ئەوتۆم لەسەر مێژووی تەنز لە ئێران نیە. ئەو تەنزەش لە شیعری مندا هەیە تەنزێکی



ژمارە ١٢
نیسانی ٢٠٠٨

## درەنگ هاتی موسا
## سەردەمی موعجیزەکان بەسەرچوو
## گۆچانەکەت ببەخشە بە چارلی چاپلن
## با کەمێک پێبکەنین

تایبەتەو تایبەتە بەخۆم، تەنزی من هیچ پەیوەندی بە تەنزی تەنزنووسەکانی ئێرانەوە نیە. تەنزی من لەو ئەفسانەیەوە دێت کە لە شیعرمدا هەیە، من تەنزنووس نیمو زانیارییێکی ئەوتۆم نیە لەسەری بۆیە باسی نەکەم باشترە.

**دەمانەوێ بزانین بەرهەمەکانت بۆسەر چەند زمان وەرگێردراون؟**
بەڵێ، شیعری من بۆ کوردی، ئینگلیزی، رووسی، مەجەڕی، پۆڵەندی، عەرەبی، ئەلمانی، بەڵام دەمەوێ ئاماژە بە خاڵێك بکەم، ئەویش ئەوەیە کە ئەم تەرجەمانەی هەندێ شیعری من بۆ چەند زمانێك هیچ گرنگییێکی نیە ئەگەر ئەو شیعرانەم رەنگ نەدەنەوەو کاریگەرییان دەرنەکەوێ. یانی دەبێ شیعری من کاریگەر بێ ئەوکات من خۆشحاڵ دەکات، دەبێ پێواژۆیێك بهێنێتە ئاراوە وەك چۆن بەرهەمەکانی مەولەوی ئێستا هێناویانەتە ئاراوە، ئەمە شانازیە بۆ شاعیر نەك تەنها تەرجەمەکردنی شیعرەکانی. بەڵێ، تەرجەمەکراون بەڵام من چاوەڕێی رەنگدانەوەکانیانم.

**دەربارەی دەستەواژەی مشکی هەمستەر(موش همستەر) لەدونیا، شرۆڤەیەکمان بۆ بکەی لەو شوێنەدا کە ناوی (ئیرەج بوستامی) هاتووە ناوی ئەو جۆرە مشکەتان هێناوە، دەکرێ بپرسین بۆ؟**
مشکی هەمستەر، جۆرێکە لە مشك یان لەبەرئەوەی هاوشێوەی مشکێکە بۆیە پێی دەڵێن مشك دەنا خۆی تەنها ناوەکەی هەمستەرە، بەڵام لەبەرئەوەی من پێموایە شیعر سەرەرای قوڵیی ناوەرۆکەکەی دەبێ سادەو رەوان بێ، بۆیە وشەی مشکم داوەتە پاڵ ناوی هەمستەرەوە تا خوێنەران بزانن، ئەم جۆرەیان ئەوەیە کە بەچکەی خۆی دەخوات. جارێك قەفەسێکم دیت سێ لەو مشکانەی تێدابوو، چوومو هاتمەوە دیم دووانن، وامزانی یەکێکیان هەڵاتووە، جارێکی دیکە لە چواردانە بووبوون بە سێ دانە، بینیم دەمی یەکێکیان بەخوێنە سەرم سورما، پرسیم گوتیان بەچکەی خۆیان دەخۆن. من وا هەست دەکەم جیهان مشکی هەمستەرە کە منالی خۆی دەخواتو یەکێك لە قوربانییەکانیش (ئیرەج بوستامی) بوو، کە گۆرانیبێژێکی ناوداری ئێران بووو لە بومەلەزەی شاری بەم بووە قوربانی. بۆیە لەوێدا دەڵێم:
*"خەڵکینە دەی یەکتر بکوژن، با دونیاش بتانکوژێ، با مشکی هەمستەریش بخوات، سەعات پێنج بوو، وەك هەمیشە..." شیعرەکە بەمجۆرەیە.*

***"سوپاست دەکەم دار هەرمێ، کە شێوەی دڵمت لە خۆ گرت، چەندە تەنیا بووم.." ئەمە یەکێکە لە گۆرانیە عاشقانەکان، لەو برگەیەدا دەتەوێت پێمان بڵێیت مەخلوقات هەمووی لەیەك بەرەدان یان دەتەوێ شەریکێك بۆ ئێمە پەیدا بکەیت؟***
لەراستیدا دەمەوێ بڵێم ئەم دارهەرمێیەی کە لە بەردەم مندایە، هەرمێکانی لەشێوەی دڵدان، نەك هەموو دارهەرمێیەك. دەمەوێ پێیان بڵێم زۆر سوپاس بۆ ئێوە کە ئەگەر نەدەبوون من زۆر تەنیا دەمام. دەمەوێ ئاماژە بە دوو شت بکەم: (بێشترۆلد برێشت) نووسەرو شاعیری ئەڵمانی کە لە ئەمریکا بووە، دەچێتە سەر کێوێكو دەبینێ بێدەنگییەکی موتڵەقەو لەوێدا لەسەر بانێکەوە دەبینێ لە بۆری زۆپاوە دووکەڵێك هەڵدەستێ، دەڵێت چەند جێگەی دڵتەنگی بوو ئەگەر ئەو دووکەڵە هەڵنەستابا. دەیەوێ باسی بوونی ئادەمیزد بکات، ئەو تەنهاییەی کە مرۆڤ بە هیلاك دەبا، دەیەوێ سەبوورییێك بدا بەخۆی. لێرەدا وێناکردنی من لە هەموو شت زیاتر خودی سوریالە، دەمەوێ بڵێم هیچ مرۆڤێك نیە تەنها تۆیت ئەی هەرمێ کە لەشێوەی دڵێك دەچێتو سەبووری دەدی بە دڵی من. زۆر سوپاسی بوونتان دەکەم.

**شێرکۆ بێکەس بەرهەمە شیعرێکی هەیە بەناوی (هەفتا پەنجەرەی گەرۆك) کە لە شێوەی (پەنجا و سێ گۆرانی عاشقانە) ی تۆ وایە، ئایا ئەمە رێکەوتە یان ئاگاداری یەکترن؟**
نا مەسەلەی ئاگاداربوونو رێکەوت نیە، من ئەم بەرهەمەم لە یادی (٥٣)ساڵەی تەمەنی خۆمدا بڵاوکردەوە کە بریتین لە (٥٣) پارچە شیعری هەڵبژاردەی دڵی خۆم لەناو شیعرەکانمداو لە تەمەنی (٥٣) ساڵیمدا بڵاوکردنەوە، ئەمانەم لەناو (٧٠) شیعری خۆمدا هەڵبژردوو بڵاوکردنەوە، چونکە خۆم زیاتر حەزم لێبوونو عاشقانە بوون.

**مەبەست لە هێنانی ناوی ئاژەڵ لە شیعردا، ئایا بۆ بەهێزکردنی سومبولێکە لەناو شیعردا یان شتێکی ترە؟**
شەمس لەنگەرودی: بۆ بەهێزکردنی سومبولێکە لەناو شیعردا، بەو مانایەی کە من کاتێك دەمەوێ بڵێم: "درەختە براوەکان هەڵدەستنە سەرپێو دەبنەوە بە کاغەز تا من بۆ تۆ شیعر بنووسم. ئەوکات بەورو خودا لەسەرنووکی پێیان لەناو خەیاڵمدا رێدەکەن..." من هیچ مەبەستم نیە کە رەمزو کینایە بەکاربێنم، بەڵکو دەمەوێ هەمیشە ئەو شتانەی غەیرە مومکینن روودەن، کە لە شیعرەکانی دیکەی منیشدا سوریال زیاتر رۆڵ دەبینێ وەك لە سومبول، بەڵام هیچ شیعرێك نیە کە سەرەنجام لە سومبول ترازابێ. شیعری سومبولیك ئەو شیعرەیە کە تیایدا مەبەست سومبولە. لە شیعری ناسومبولیك، سومبول هەیە بەڵام مەبەست خستنەڕووی سومبول نیە.

**بەم دێرە شیعرەت زۆر سەرسامم! کە دەڵێیت: تەمەن ئێسکێکی شکاوبوو لە گەروودا، لەناو (١٩) هەمین گۆرانیدا، من پێموابێ ئەم وێنەیە باکگراوەندێکی ئایینی هەیە. دەتەوێ لەدەست تەمەن رابکەین و بەرەو ئەو دیوی زەمەن برۆین؟**
تۆ یەکەم کەسێت کە مەبەستی من لەو شیعرە درك پێبکات، من لە (نهج البلاغة) دا ئەوەم خوێندبووەوە، بەڵام دەمەوێ لەوێد پەنا ببەمە بەر مەعشوق، مەعشوقی منیش عیرفانی نیە، من حەزم لە عیرفان نیە، مەعشوقی من زەمینیە.

**لەم دیوانەی کە لەبەردەستماندایە هەست دەکەم بۆ یەکێك دەنووسیت. دەکرێ کەسی پشت ئەم راناوە بناسین؟ راناوی (تۆ)، دەکرێ بزانین ئەم(تۆ)یە کێیە؟ دەتەوێ ئاشکرای بکەیت یان دەتەوێ بیشاریتەوەو نەیلێیت؟**
ئەگەر من ئەوروپایی بوومایەو میللەتی ئێرانیش میللەتێکی وەك ئەوروپایی بوونایە دەمگوت.(بە پێکەنینەوە).

**ئێستا چۆن دەگوزەرێنیت؟**
من ئێستا دروست(٨) رۆژە کە بوومەتە (٥٧) ساڵ.

**بە درەنگەوە دەڵێین، رۆژبوونت پیرۆزبێت.**
زۆر سوپاس ، من لە زانکۆکانی ئێران وانەی فەلسەفەی هونەر دەڵێمەوە، هەندێ جاریش دەچمە وڵاتانی دیکەو ئەو وانەیە دەڵێمەوە، جگە لەمە کاری توێژینەوە لەسەر ئەدەبیاتو پرسی کۆمەڵناسی ئەنجام دەدەمو وانەکانم بە زمانی فارسی بۆ ئەو کەسانەیە کە لە دەرەوەی وڵاتو زانکۆکانی دەرەوەی وڵات لە بواری ئەدەبیاتو کۆمەڵناسی ئێرانیدا سەرگەرمی خوێندنن.

**لە کۆتاییدا ئەگەر شتێکتان هەبێ بۆ خوێنەرانی گۆڤاری کوێستان بیڵێن بفەرموون..**
شتێك کە دەمەوێ بڵێم ئەوەیە کە من عادەتم وانیە لە کۆتایی دیمانەکانمدا، بڵێم شتێکم ماوە بڵێمو بیڵێم، بەڵام ئێرە جیاوازە، چونکە من یەکەمجارە بەمجۆرە کۆمەڵێك کورد دەبینم، هەڵبەت دۆستو هاورێو هاونشینی کوردم زۆرن، بەڵام پەرتەوازەنو وەك ئێستا کۆنەبووینەتەوە.. ئێستا ئەم گردبوونەوەیە کاریگەریی پۆزەتیڤی لەسەر من بەجێ هێشتووە، بۆیە ئەوەی دەمەوێ بیڵێم دوو سێ دێرە کە لە ژیانی مندا زۆر بە بەهان. یەکەمیان دێرێکی (ئەندرا مالرۆ) ی نووسەری فەرەنسیە کە دەڵێ؛ ژیان بەهایەکی نیە، بەڵام هیچ شتێك لە ژیان بەهادارتر نیە،و دووەمیان گاندی؛ کاتێك لێی دەپرسن خۆشبەختی چیە؟دەڵێ، ئارامی هزر، ئاسایشی خەیاڵ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی هیچ شتێك هێندەی ژیان بەهای نیە، با دەستمان بگاتە ئارامیی هزرو ئاسایشی خەیاڵو بژین. هیچی دیکەم نەماوە تەنها ئەوەی هیوادارم وێنەیەکی ئەم دیمانەیە دوای بڵاوکردنەوەی لە گۆڤارەکەتان بگاتە دەستم. سەرکەوتووبن.